المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص:283-297
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# بەسەرهاتی کتێبخانەی میرانی ئەردەڵان

سەباح حسەینی سەید نەجمەدین

بەشی زانستە پەروەردەیەکان، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، سەقز، ئێران

Email:sabahhosseini@yahoo.com

**پوختە:**

مێژووی کورد، بە تایبەت مێژووی ئەدەبیی کوردی گەلێک نهێنی و ونی تێدایە. لەم مێژووە دوور و درێژەدا بەشێکی زۆر لەو ڕووداوانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا ڕوویانداوە، تۆمار نەکراون و ئێمە ئەمڕۆ ئاگامان لە زۆربەیان نییە. لە کوردستاندا میرانی ئەدەبدۆست و لایەنگری کتێب زۆر بوون کە لە کتێبخانەکانیاندا هەزاران بەرگ کتێبی دەگمەن و نایاب هەبووە کە لە دوای خۆیان پرژ و بڵاو بوونەتەوە و هەر یەک کەوتوونەتە شوێنێک و بەشێکی زۆریش لەو پاشماوە لەناو چووە.

بنەماڵەی میرانی ئەردەڵان کە زیاتر لە شەشسەد ساڵ دەسەڵاتداری بەشێکی گرنگ لە کوردستان بوون، یەکێک لەو بنەماڵانە بووە کە لەناویاندا چەندین کەسایەتی ئەدەبدۆست هەبووە کە شاعیر و بنووس بوون، یەک لەوانە ئەمانوڵڵا خانی دووهەم ناسراو بە »غوڵامشاخان» دوایین میری ئەردەڵانە کە ساڵی 1284ی کۆچی مانگی ماڵاوایی لە ژیان کردووە. لە دوای کۆچی غوڵامشاخان و کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی میرانی ئەردەڵان کتێبخانەی بنەماڵەی ئەردەڵان و بەشێکی زۆر لە موڵک و ماڵی دیکەی غوڵامشاخان هەراج دەکرێت و دەفرۆشرێت. ئەم توێژینەوە باسێکە لە سەر بەسەرهاتی ئەم کتێبخانە بە پشت بەستن بە یادداشتی چەن دەستنووسێک.

**کلیلە وشەکان:** غوڵامشاخان، میرانی ئەردەڵان، دەستنووس و کتێبخانە .

**چکیده :**

تاریخ کردستان به ویژه تاریخ ادبیات کردی نکته‌های مبهم و تاریک بسیاری دارد .دراین تاریخ دور و دراز بسیاری از رویدادهایی که روی داده ثبت و ضبط نشده اند وما ازآنها اطلاع نداریم. در کردستان امیران و حاکمان علاقمند به ادبیات و کتاب فراوان بوده اند که در کتاب خانه های آنان هزاران جلد کتاب نایاب وجود داشته است که بعد از مرگ آنان این کتاب های نایاب متفرق شده و هر جلدی ازان سراز جایی درآورده است و بسیاری از آن هم ازبین رفته است. خاندان اردلان افزون بر ششصد سال حاکم قسمتی مهمی از کردستان بوده اند که درمیان آنان چند نفر اهل ادبیات و شعر بوده که غلامشاه خان اردلان آخرین میر این خاندان ازان جمله است که درسال ۱۲۸۴ قمری دارفانی را وداع گفته است .بعداز فوت غلامشاه خان و پایان حکومت خاندان اردلان کتابخانه و بخش قابل توجهی از املاک و دارایی های این خاندان به حراج گذاشته می شود که این نوشتار نخستین گزارش از این واقعه است که براساس یادداشتی چند در حاشیه چند نسخه خطی .

**کلید واژه ها**: غلامشاه خان، میران اردلان ،نسخه خطی و کتابخانه.

**Abstract:**

Author: Dr. Sabah Hosseini Abstract: The history of Kurdistan, especially the history of Kurdish literature, has many obscure and dark points. In this distant history, many events that took place in Kurdistan have not been recorded and we are not aware of them. There have been many who have had thousands of rare books in their libraries, and after their death, these rare libraries have been scattered and a volume of them has been uprooted, and many of them have been destroyed princes, who ruled part of the Kurdish region for more than six hundred years, among whom were a number of literary and poetic people. One of these people is Amanullah II, known as Gholam Shah Khan, who passed away in 1284 AH. After the death of Gholamshah Khan and the end of the rule of the


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

Ardalan dynasty, the library of this dynasty and a significant part of Gholamshah Khan's property will be auctioned. This article tells the story of this library through notes in several manuscripts

**Keywords**: Gholam Shah Khan, Amiran Ardalan, Manuscripts and Library

**سەری قسە**

بنەماڵەی میرانی ئەردەڵان یەکێکە لە بنەماڵە ناودارەکانی کوردستان کە چەند سەدەیەک لە دوای یەک لە سەدەی حەوتەم تاکوو سەدەی سێزدەی کۆچی مانگی دەسەڵاتداری بەشێکی گرنگ لە کوردستان بوون کە بە کوردستانی «**ئەردەڵان**» بەناوبانگە. لەم ماوە دوور و درێژەدا سەرجەم سی و شەش کەس دەسەڵاتیان وەدەسکەوتووە. (تاریخ مشاهیر کرد، ج3 ، ل 226 - ٢٢٨). لە ناو میرانی ئەم بنەماڵەدا چەند کەس جگە لە کەسایەتی سیاسی، لایەنگری شێعر و ئەدەب بوون. دیارە ماوەی زۆری دەسەڵاتداری بنەماڵە بووەتە هۆی ئەوە کە سەدان بەرگ کتێب و بەڵگەنامە و قەباڵە ... وەکوو ناسنامەی ئەم بنەماڵە لە ناو میرانی ئەردەڵان دەس بە دەست ببێ و تاکوو لە کۆتاییدا دەگاتە ئەمانوڵڵا خانی دووهەم ناسراو بە غوڵامشا خان.

**میرانی ئەدەبدۆستی بنەماڵەی ئەردەڵان**

**ـ کەلبعەلی خان** (ک: 1082 کۆچی) بە پێی نووسینی مێژوونووسان، لایەنگری شێعر و ئەدەب بووە و بە کوردی و فارسی شێعری وتووە، کە بە داخەوە شێعرەکانی لە ناو چوون (مردۆخ رۆحانی، 1380: 240/3).

**ـ سوبحان ویردی خان:** لە وەختی پشوودان، زۆرتر لەگەڵ زانایان و ئەدەب دۆستاندا هەڵسوکەوتی بووە و خۆیشی زانا بووە. (سەرچاوەی پێشوو، 245).

**ـ ئەمانوڵڵا خانی گەورە** (ک: 1240ی کۆچی) لە کتێبی «تاریخ مشاهیر کرد»دا دوو بەیت شێعر لە ئەمانوڵڵا خان نەقڵ کراوە کە دەردەکەوێ لە شاعێریدا دەستێکی باڵای بووە:

از جوشش و کثرت سپاهی　　تن گشته نحیف، چهره کاهی
از خلق امید قطع و باقی است　　الطاف خفیه‌ی الهی　　(جلدی 3، ص 265)

**ـ خەسرەو خانی سێیەم:** خەسرەوخان ناسراو بە »ناکام» کوڕی ئەمانوڵڵا خانی گەورەیە کە میرێکی زانا و خەتخۆش و شاعیر بووە. بە فارسی و کوردی شێعری وتووە و نازناوی شێعریشی «خەسرەو» بووە (سەرچاوەی پێشوو ، ل 272).

مەستوورە خانمی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، خێزانی خەسرەوخان بووە. لە دیوانی مەستوورەدا چەندین شێعری بەرز بە فارسی و کوردی هەیە کە ڕووی دەمی مەستوورە لەو شێعرانەدا لە خەسرەوخان بووە.

**ئەمانوڵڵاخان کوڕی خەسرەوخانی** ناکام (کە لە ساڵی 1284ی کۆچی ماڵاوایی لە ژیان کردووە. لە درێژەی وتارەکەدا بە وردی باسی ژیان و بەسەرهات و کەسایەتی زانستی و ئەدەبی دەکەین.

**میرانی کورد و کتێب و کتێبخانە**

لە مێژووی کورددا میرانی ئەدەب دۆست و لایەنگری زانست و کتێب زۆر بوون. لەوانە میرانی عیمادییە بوون کە بایەخی زۆریان بە ئەدەبی کوردی و ڕۆشنبیری لە سەردەمی خۆیان دا داوە. یەک لە میرانی عیمادییە زوبەیر پاشا کوڕی بارام پاشایە کە زانایێکی کورد بە ناوی ساڵحی کوڕی جوبرائیل کاتێ کە شەرحی دوو قەسیدەی مەلای جزیری کردووە پێشکەشی ئەو دەکا (بایەخدانی میرانی ئامێدی بە ڕۆشنبیری لە دەڤەری بادینانا، ل 10). هەروەها مەلا جەرجیسی کوڕی مەحمەد ئەفەندی شەرحی قەسیدەی «حدوث»ی مەلای جزیری پێشکەشی ئیسماعیل پاشا کوڕی ئیبراهیم پاشای میری عیمادییە کردووە. (هەمان، ل 16). ئەمیر عەبداڵخانی بتلیسی برازای ئەمیر شەرەفخان یەکێ لە میرە کتێب دۆستەکانی کوردە کە بە پێی وتەی مێژوونووسان پتر لە چوار هەزار بەرگ کتێبی نایاب و دەگمەن لە کتێبخانەکەیدا بووە کە لە ساڵی 1066ی کۆچی ئەحمەد پاشا والی وان هێرش دەکاتە سەری و دەس دەخاتە سەر ماڵ و کتێبخانە و ئەو خەزێنانەی وا بوویەتی (تاریخ مشاهیر کرد، ج3: 226).

ئەولیا چەلەبی دەربارەی کتێبی و سامان و خەزێنەی عەبداڵ دەنووسێ: «یازدە سندووقی چوار گۆشەی میناکاری کە یەکیان کەڵبەی فیل و یەک ئەبەنووس یەک سەر و یەک بە ڕوو یەک یەنگی دنیا و یەک پلاسانتا یەک ئێسکی نەهەنگ و یەک دانەماسی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

و یەک کارەبی پەتی و یەک مەرجانی سوور و یەک دارعوودی بێگەردبوون. چەند پێش تەختە یەکیان نقێمکاری و یەک میناکاری و یەک سەدەف تێگیراو و دوانیان هەڵکەندراو، کە چاوی تەماشاکەریان ئەبڵەق دەبوو، لە بەر چاووی هەمووان مۆرەکانمان هەڵپچری و هەڵمان دانەوە، هەر یەکێ دەدانە کتێبی بە نرخ و بایەخداری تێدا بوو کە لە لایەن خۆشنووسە بەناوبانگەکانەوە نووسرابوونەوە و بە چەشنێک ڕازابوونەوە کە هەر یەکەیان کرابوو پارچە ئەنتیکەیەکی بێوێنە، جگە لە قەڵەمدان و کلدان و گوڵاودان و بوخوردان و سورەدان و مقەست و قەڵەمبڕی بە نقێم و وردەکاری بە بەردی گرانبایی، لە کتێبەکان شانامە و گوڵستان و شەرەفنامە و چەند دیوانی شێعر کە زۆربەیان بە دەسخەت و مۆری زیادین خان خۆی بوون (سیاحەتنامەی ئەولیا چەڵەبی، ل 213).

ئەولیا چەلەبی لە درێژەی گێرانەوەکەیدا باسی شتە بەنرخەکان دەکا کە بە هەراج فرۆشراون: هەڤدە بەرگ قورئانی نەخشێنراو و بۆ شاهان نووسراوە بە دەسخەتی «یاقووتی موستەعسەمی»، «ئەحمەدی قەرەحساری»، «شێخ بایەزیدی وەلی» ... هەزار و سێسەد بەرگ تەفسیر و کتێبی بەنرخ کە لە سەر قاقەزە باشەکانی خەتایی و دیمەشقی و سەمەرقەندی و ئەحمەداوایی نووسرابوونەوە. حەفتا بەرگ تەفسیری پیرۆز وەکوو تەفسیری تەبەری، تەفسیری دەیلەمی، تەفسیری فەیزوڵڵا هێندی بێنوختە، جگە لە ئایەتەکان وشەی تەفسیرەکە هیچی نوختەدار نەبوون، تەفسیری ئەبوولەیسی سەمەرقەندی، تەفسیری شێخ، تەفسیری بەغەوی، تەفسیری قازی، تەفسیری ئەبووسعوودی سلێمانی، کە هیچیان لای شێخولئیسلامەکان دەست ناکەون. هەزار و سێسەد بەرگ کتێبی حەدیسی پێغەمبەر ... بیست بەرگ شانامەی فیردەوسی بەختی نەستەعلیق نووسرابوون، هەزار بەرگ دەسخەتی جۆربەجۆر لە خەمسەی نیزامی، دیوانی حافز و عورفی و گوڵستان و بۆستان و نێعمەتوڵڵا و دیوانی مەلا جامی و ... دوسەد و شێست پارچە بەیاز ... » (ل: 214 و 215).

ئەولیا چەلەبی، لە درێژەی باسەکەیدا ئەڵێ: «بەقەد باری حەوت وشتر کتێبی بایەخدار کە مۆری خانیان پێوەبوو کە فتوحاتی مەکییە، دانانی شێخ محێدینی عەرەبی، فسووسی محێدینی عەرەبی، فتووحاتی مەککیە، دانانی قوتبەدین حەنەفی، ... مێژووی تەبەری، تەبەقاتی شەعەرانی، تەبەقاتی شافعییەی سوبکی، کلیلە و دیمنە و ...

جگە لەمانە حەفتا و شەش بەرگ کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی لە دانانی عەبداڵخان خۆی لەگەڵ سەد و پێنج پارچە نامیلکەی جۆربەجۆر کە زۆربەیان بە زمانی فارسی نووسیبوو. دوو سەد بەرگ ئەتڵەس مینۆر و جوگرافی و پایامۆنتە و کتێبی هەیئەت و حیکمەت بە چاپی فەرهەنگ ـ هەرکەس دەیانبینێ هۆش لە سەریا نامێنێ ـ چەند نەخشەی ڕەنگاوڕەنگی دنیای کۆن و نوێ کە سەری تاماشاکەریان دەسووڕاند ... (217 - 216).

ئەم هەموو ئەنتیکە و گەنجە بەنرخانەی باسمان کرد وەکوو توور و گێزەر دەکران و دەفرۆشان. (هەمان، 218).

**ژیاننامەی غوڵامشاخانی ئەردەڵان**

ئەمانوڵڵاخان کوڕی خوسرەوخان کوڕی ئەمانوڵڵاخانی گەورە، والی ئەردەڵان مولەققەب بە زیائولمولک (تاریخ مشاهیر کرد، ج3 ، 285) مەشهوور بە غوڵامشا خان لە ساڵی 1239ی کۆچی لە دایک بووە. دایکی غوڵامشا خان، حوسنا جیهان خانم کچی فەتحعەلی شای قاجاڕ بووە. (یادی مەردان ب 2، ل 391). چون لە دەرباری فەتحعەلی شای قاجاڕ لە دایک دەبێ، شا، حەڵقەی غوڵامی لە گوێی دەکا و لەقەبی غوڵامشاخانی پێ دەدا. (تاریخ مردوخ، ج2 ل 169 و یادی مەردان، بەرگی دووەم، ل 390). لە دوای کۆچی دوایی خەسرەو خانی ناکام، لە ساڵی 1250ی کۆچی بەهۆی نەخۆشی تاعوون (تاریخ مەردوخ، ج2 ص 164) (حەدیقەی ناصریە، ص 180) لە سیر الاکرادی بابانی دا نووسراوە: «بەهۆی خواردنی شەراب مالیخۆلیا دەگرێ و دەمرێت، (ل 72) ڕەزاقولی خانی کوڕی کە تەمەنی دە ساڵ بووە، دەبێتە جێنشینی. (حدیقە ص 180، سیر الاکراد ل 72، تاریخ مردوخ، ج2 ل 164) .

لە پاش دوو ساڵ، ئەمانوڵڵا خان بە جێی ڕەزاقولی برای دەبێ بە حاکمی کوردستانی ئەردەڵان. ئەمانوڵڵا خان سەرجەم سێ جار بووەتە حاکمی کوردستان: جاری یەکەم کە وتمان دوای لابردنی ڕەزاقولی خانی برای، بووە بە والی و پێنج مانگ ماوەتەوە. جاری دووهەم دیسان لە دوای هاتنە سەر حوکمی ڕەزا قولی و لابردنی بۆ جاری دووهەم دەبێتە والی. حەدیقەی ناسرییە مێژووی سەرکارهاتنی ئەمانوڵڵا خان بۆ جاری دووهەم، ڕۆژی شەممە 14ی ڕەبیعولسانی 1265ی کۆچی نووسیوە. جاری سێیەم، لە ساڵی 1277ی کۆچی تاکوو ساڵی 1284 (سدەهای سروری، 1389، ص 93) و سەرجەم بیست ساڵ والی کوردستانی ئەردەڵان بووە. (تاریخ مەردوخ، ج2 ص 186).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سەردەمی ژیانی غوڵامشاخان و هەروەها دەسەڵاتداری ئەو پڕە لە هەورزا و نشێو، چەند ڕووداوی ناخۆش وەکوو ڕووداوی **کاروانسەرا**، ڕووی داوە. (حدیقه ناصریه ص 169) (تاریخ مەردوخ، ج2 ص 177 و 178). غوڵامشاخان لە ڕۆژی سێ شەممە 9ی مانگی جومادیسانی ساڵی 1284ی کۆچی مانگی کۆچی دوایی کرد. (حدیقه ص 202) (تاریخ مردوخ، ج2ص 169).

**ڕووداوی کاروانسەرا چی بووە؟**

شێخ محەممەدی مەردۆخی کوردستانی لە بەرگی دووهەمی مێژووکەی خۆیدا دەربارەی ڕووداوی کاروانسەرا دەنووسێت: ساڵی 1271ی کۆچی میرزا عەبدوسەمەد ناوێک کە خەڵکی هەمەدان بوو و خەریکی پەرەپێدان بە مەزهەبی شێخی (بەشێکن لە شێعە) بوو لە لایەن حاجی کەریم خانی کرمانی کە سێیەمین ڕابەری مەزهەبی شێخی بوو هاتە کوردستانەوە. میرزا عەبدوسەمەد باسی مەزهەبی شێخی لای والی دەکا و دەتوانێ سەرنجی والی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و سەرنجام والی دەچێتە سەر مەزهەبی شێخی. پاشان وا ڕێ دەکەون کە حاجی کەریم خان خۆی بێتە شاری سنە و لە مزگەوتی والی نیشتەجێ بێ و دەس کا بە تەبلیغ و پەرەپێدانی مەزهەبی شێخی لە کوردستان. زانایانی کوردستان کە هەموو سوننە و شافێعی مەزهەب بوون لەم ڕێکەوتنە ئەترسن و زۆر هەوڵ ئەدەن کە بە ئامۆژگاری و نەسێحەت والی لەم کار پاشگەز بێتەوە. بەڵام قسە و هەوڵەکانیان لە دڵی والی کاریگەر نابێ. بە ناچار دەس بە داوێنی شێخ عوسمانی تەوێڵەیی دەبن. کە بەڵکوو کارێکیان بۆ بکا. شێخی تەوێڵە شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی و مەولەوی تاوگۆزی دەنێرێ بۆ لای والی. بەڵام ئەم ناردنەش سوودی نابێ. ڕۆژی چوارشەممە 16ی مانگی ڕەبیعولئەوەڵی 1271 تەواوی زانایان و گەورە پیاوان و ناوداران و توجاری شاری سنە لە گۆڕستانی شێخان کە لە ڕۆژاوای شاری سنەوە هەڵکەوتووە، کۆ دەبنەوە و پەیامێک بۆ والی دەنێرن کە ئەگەر ئەو نوێنەری حکومەتە مافی ئەوەی نییە لە بیر و باوەڕی خەڵکی دا دەخاڵەت بکا و ئەبێ میرزا عەبدوسەمەدی شێخی لە شاری سنە دەر بکا و ئەگەر میرزا نوێنەری و پەرەپێدەر بە بیر و ڕای حاجی کەریم خانە ئێمە شتی وامان ناوێ. یان ئەبێ ئەو بڕوا یان ئێمە وڵات بەجێ دێڵین و دەڕۆین بۆ وڵاتێکی کە. والی واتە، غوڵامشاخان زۆر بە توندی وڵامیان دەداتەوە و دڵنەوایی لە خەڵکی ناکا. لەم کاتەدا چەند کەسی لات و لووت ، لەگەڵ چەند دەروێشی قادری (واتە سەر بە تەریقەتی قادری) بە فرسەتی دەزانن و بێ ئەوەی زانایان و گەورە پیاوانی شار ئاگادار بکەن ئەچنە کاروانسەرا و دووکانی شێعەکانی ئەو بازاڕە تاڵان دەکەن و هەر شێعەیێ بەر پەلاماریان دەکەوێ دەی کوژن. تاڵان و غارەت هەر بۆ دووکانی شێعەکان نابێ و ئەگاتە دووکانەکانی خەڵکی شاری سنەیش... لە دوای ئەم تاڵانە، دوکاندارانی بازاڕ لە شێعە و سوننە دەچنە باخی **فیردەوسی** و لە تاڵانکەران شکات دەکەن. غوڵامشاخان لەم حاڵەتە کە پێش هاتبوو واتە دوو دەستەیی خەڵکی ناوشار، لە سەربانی قەڵای حکومەتی کە زاڵ بووە بە سەر کاروانسەرا و بازاڕدا، توپ بارانی بازاڕ و کاروانسەرا دەکا و ئەوانەی وا هێشتا سەرقاڵی تاڵان بوون، لە ترس دا هەموو بڵاوە دەکەن. سەربازەکانی حکومەت زیاتر لە چل کەس لەو کەسانەی وا سەرقاڵی تاڵان بوون و قوماش و پارچەی زۆریان پێ دەبێ قۆلبەست دەکەن. والی فەرمان دەدا کە گوێ و لووتی هەموویان ببڕن و سەربەرەو خوار لە دیواری قەڵا هەڵیان واسن.

شێخ عەبدولقادری موهاجیر(١٢١١-١٣٠٣ك) نووسەری کتێبی شەرحی **تهذیب الکلام** کە لە زانایانی گەورەی کوردستان و گەورەی بنەماڵەی مەردۆخی بووە بە دیتنی ئەم کارەساتانە، هەر ئەو ڕۆژە کە ئەم خەڵکە سەر و گوێبڕاو هەڵدەواسن لەگەڵ ماڵ و کەسانی خزمی شاری سنە بە جێ دێڵێ و ئەچێ بۆ شاری سلێمانی... (تاریخ مردوخ، ج2 ص 177).

**ئەمانوڵڵاخان و مەزهەبی شێخی**

شێخی یا شێخییە بە لایەنگرانی شێخ ئەحمەدی ئەحسایی (1166-1242 ک) دەڵێن کە زانایێکی گەورەی شێعە بووە و لە سەردەمی فەتحەلی شای قاجاڕ دا ژیاوە و جەماوەرێکی زۆر ئەبن بە لایەنگری بیر و باوەڕی. بیر و ڕای شێخ ئەحمەد لە زۆربەی شارەکانی ئێران و هەروەها کەربەلا لە وڵاتی عێراق بڵاو دەبێتەوە. زۆربەی مەلا شێعەکان دژایەتی ئەم بیر و ڕایان کردووە. بە پێی نووسراوەی هەندێ سەرچاوەی کوردی غوڵامشاخانی ئەردەڵان ئەبێتە لایەنگری بیرو ڕای شێخ ئەحمەدی ئەحسایی. ئەم کارە ئەبێتە هۆی ناڕەزایی خەڵکی و زانایانی ئەو سەردەمەی شاری سنە.

**کەسایەتی ئەدەبی و زانستی غوڵامشاخانی ئەردەڵان**

وەک وتمان غوڵامشاخان شاعیرێکی بەتوانا بووە. لێرەدا دوو نموونە لە شێعری فارسی و کوردی ئەو دێنین. یەکێ لە شێعرە بەرزەکانی غوڵامشاخان، شێعری «میرزام زام حەی»ە کە چەند بەیتی لێرەدا بۆ نموونە دێنین:

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

میرزام زام حەی میرزام زام حەی دانایان دەور دانش کەردە تەی
ئەفلاتون فامان حەکیمان حەی پەی ئازار دڵ نیشان دان دوبەی
هۆ ڕێزام دەردم شاران کەردم تەی ناگا دیم دوبەی ئەسەر شاخەی نەی
بەی چ بەی؟ ثەمەر نەو نمام نەی خۆلاسە و خۆشبۆ خۆشمەزە چون مەی
(یادی مەردان، ب2، ل 385؛ کەشکۆڵی دەسنوس)

وە شێعری فارسی:

گشته زمرد ز خاک باغ هویدا خیز تو ساقی غنیمتست تماشا
شاهد محفل گل و بنفشه و نسرین زینت مجلس گل و صراحی و مینا
صوت هزاران چو لحن دلکش داوود حمد کنان بر خدای قادر دانا
یار مرا بین که آمد از ره گلشن کرد خجل سرو را ز قامت رعنا
(تاریخ مشاهیر کرد، ج3، ص286)

غوڵامشاخان لە شێعردا وا دیارە "غولام" وە "والی" نازناوی بوبێ. (یادی مەردان، ب2، ل 388؛ تاریخ مشاهیر کرد، ج3، ص286) پلەی دەسەڵاتی بەسەر فارسی نوسیندا لەو نامەی کە بۆ مەولەوی تاوەگۆزی نوسیویەتی دەر ئەکەوێ. (یادی مەردان، ب2، ل389 و 390) لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بکەین مۆری حکومەتی غوڵامشاخان وا دیارە یەل جۆر بوە ئەوەی کە من خۆم دیومە بەڵگەیێکە کە لە ساڵی 1276 ی کۆچی نوسراوە بەم چەشنەیە: "عبده الراجی امان الله".

**بەسەرهاتی کتێبخانەی میرانی ئەردەڵان**

لە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە باسی میرانی ئەردەڵانیان بە گشتی کردووە، بە تایبەتیش باسی غوڵامشاخان کراوە، دوای باسکردن لە هەل و مەرج سیاسی سەردەمی ئەو، باسێکیان کردووە کە بە بڕوای من بە ناتەواوی گێراویانەتەوە. پوختەی ئەم نەقڵە بەم چەشنەیە:

غوڵامشاخان لە ساڵی 1284 کۆچی مردووە و ئاماژەیان کردووە کە دوو تایبەتمەندی هەبووە: یەکەم پیاوێکی ئەدەب دۆست بووە و دووەم، زۆر ماڵ خۆشەویست بووە و زیاتر لە پەنجا پارچە مڵکی زۆر باشی لە دەور و بەری شاری سنە دا هەبووە. بە سەر ئەم هەمووە مڵک و ماڵە کاتێ کۆچی دوایی ئەکا، هەشتا هەزار تمەنی ئە و سەردەمە قەرزدار بووە کە پارەیەکی یەکجار زۆر بووە. لە ئاکامدا بازرگانێکی ئیسفەهانی واتە خەڵکی شاری ئیسفەهان بە ناوی **میر ئەبووتالیب** لە ماوەی شەش ساڵ دا ئەو قەرزەی داوەتەوە (حدیقه ص 203، تاریخ مردوخ ج2 ص 186، سیر الاکراد ص 92، تاریخ مشاهیر کرد، ج3 ص 285 و 286). لە هیچکام لەم سەرچاوانەدا نەنووسراوە هۆی قەرزداربوونی غوڵامشاخان چی بووە؟ چی بەسەر ئەم مڵک و ماڵە و کتێبخانەکەیدا هاتووە؟ بۆچی بازرگانێکی ئیسفەهانی لە ماوەی شەش ساڵەدا ئەم قەرزە زۆرەی والی داوەتەوە؟ وە زۆر پرسیاری تر.

لە حەدیقەی ناسرییە دا دیسان هاتووە کە لە دوای کۆچی دوایی غوڵامشاخان سێ کوڕ و سێ کچ لێ بەجێ ماوە و کوڕەکانی زۆر بە بەدبەختی و نەیاری دەژین (حدیقه ص 203).

ئاخۆ ئەم چەواشە کارییە و ئەم داشاردنە بۆ چی بووە؟ بۆچی نووسەرانێ وەکوو عەلی ئەکبەرخانی وەقایع نیگار کە لە نێوان ساڵانی 1262 تاکوو 1317ی کۆچی ژیاوە و خۆی ئاگاداری هەموو ڕووداوەکان بووە و کەسێکی زۆر نزیک بووە بە غوڵامشا خان، بۆچی ئاماژەی بە هەڕاجی کتێبخانەی غوڵامشاخان یان باشتر بڵێین کتێبخانەی میرانی ئەردەڵان نەکردووە و بەسەرهاتێکی گێراوەتەوە کە لە عەقڵەوە زۆر نزیک نییە، نازانین.

**هەڕاجی کتێبخانەی غوڵامشاخان یان کتێبخانەی میرانی ئەردەڵان**

زیاتر لە بیست ساڵە بە دوای ئاسەواری دەستنووس و پاشماوەی زانایانی کورددام و هەر بەم بۆنەوە زۆر شار و گوندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت شارەکانی سنە، دیواندەرە، سەقز، بانە و بۆکان گەڕاوم و بە خزمەت گەلێک زانا و ئەدیب و نووسەری کورد گەیشتووم و سەدان بەرگ کتێبی دەستنووسم دیوە و نوسخەم لێیان هەڵ گرتووە و زۆر جاریش بووە کە بە هەدیە نوسخەیان پێ داوم و هەندێ جاریش ڕێ کەوتووە کە نوسخەم کڕیوە. لە نێوان ساڵانی 2009 تاکوو 2013 دوو دەستخەتی نایابم


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە شاری سەقز چاو پێکەوت. لە هەر دوو دەستنووسەکەدا دوو یادداشت بوو کە ڕازێکی ژیانی غوڵامشاخانی ئەردەڵانیان دەردەخست و ئەویش بەسەرهاتی کتێبخانەی غوڵامشاخان یان باشتر بڵێین کتێبخانەی میرانی ئەردەڵان بوو. تا ئەو ڕادەی کە من لێکۆڵینەوەم کردووە لە هیچ سەرچاوەیەکدا سەبارەت بەم هەڕاجە باسێك نەکراوە.

**لێرەدا ئەم دوو دەستنووسە دەناسێنین:**

**دەستنووسی یەکەم**

ئەم دەستنووسە ناوی **"کەنزوللوغات"**ە کە فەرهەنگێکی عەرەبی – فارسییە، دانراوی محەممەدی کوڕی عەبدولخالق ناسراو بە گەیلانی لە سەدەی نۆی کۆچی دایە. پێوانەکەی ٢٦,٥×١٤,٥سانتیمەترە، کاغەزەکەی زۆر باشە، بەرگەکەی چەرم و مقەبایە، ٨٣٩لاپەڕەیە، لاپەڕەی یەکەمی داکەوتوە کە وابوو لە ئەسڵدا ٨٤٠ لاپەڕە بووە. ساڵی نووسینەوەکەی ١٠٥٥ی کۆچیە، واتە ١٢٩ساڵ پێش کۆچی دوایی غوڵام شاخان. لە پەڕاوێزی لاپەڕەی ٢٢١دا نووسراوە : هو المالك بالاستحقاق، به تاريخ شهر جمادى الاول ١٢٨٥ مطابق لوى ئيل تركى به توسط ميرزا اسماعيل وزير نواب مستطاب اشرف ارفع شاهزادەی آزاده فرهاد ميرزا معتمدالدوله دام اقباله العالى در حراج كتابخانەی مرحوم امان الله خان والى همين يك جلد كتاب را با ١٥ جلد ديگر ابتياع نمود. طامع و غاصبش را يلعنهم الله و يلعنهم اللاعنون. المذنب الاثيم عبدالكريم.

واتە لە مانگی جۆمادی ئەوەڵی ساڵی 1285ی کۆچی بە یارمەتی میرزا ئیسماعیل وەزیری گەورە و بەڕێز شازادەی ئازادە فەرهاد میرزا لە هەڕاجی کتێبخانەی ئەمانوڵلاخانی والی، ئەم کتێبەم لەگەڵ پازدە کتێبی دیکە کڕی، لەعنەتی خوا لەوەی بێ تەماحی تێ دەکا و داگیری دەکا. فەرهادمیرزا مامی ناسرەدین شای قاجاڕ بووە کە لە دوای کۆچی غوڵامشاخان ئەبێ بە حاکمی کوردستانی ئەردەڵان. ساڵی ١٢٣٣ لە دایك بووە و لە ١٣٠٥ی کۆچیدا لە تاران کۆچی دوایی کردووە و لە شاری کازمین لە عێراق دەینێژن.

یادداشتی گرینگی دیکە کە لە پەڕاوێزی لاپەڕەیەکی تری ئەم دەستنووسەدا نووسراوە کە لە دوای یادداشتەکە مۆری خەسرەوخانی ناکام مێردی مەستوورەی ئەردەڵانی پێوەیە:

بسم الله و الحمد لله و صلى الله على محمد و آله الطاهرين. از بابت ابتياع از ميرزا محمد به مبلغ چهار تومان وجه رايج داخل عرض كتابخانه سركار فخر الولاة مُدَّ ظِلُّه گرديد. مطابق ... 1249، مۆر: بندەی مرتضى على خسرو

**واتە:** بەناوی خوا و دروود لەسەر پێغەمبەر و ئال و بەیتی پاك و خاوێنی، بە چوارتمەن پارەی سەردەم لە میرزا محەمەدم کڕی و چووە ناو کتێبخانەی ڕێزدار و گەورەی حاکمان، سایەی لەسەرمان کەم نەبێ. بەندەی مورتەزا عەلی خەسرەو. کە مەبەست لە مورتەزا عەلی ، ئیمامی عەلی خەلیفەی چوارەمە.

بێگومان کاتێ غوڵامشاخان ئەبێتە میری ئەردەڵان و میراتی بنەماڵەکەی پێ دەگا، یان باشتر دیوەخانی میری ئەردەڵان، زێڕ و جەواهیرات و کتێبخانە و بەڵگەنامەکانی بنەماڵەی ئەردەڵان بەو دەگا. وەک باوە ئەگەر کەسێ بێتە میراتبەری کەسێکی دیکە، ماڵ و میراتەکەی ئیدی ئەبێتە مڵکی ئەو و بە ناوی ئەوەوە ناوی دەبەن. بۆیە لێرەدا کتێبخانەی میرانی ئەردەڵانیش لە دوای کۆچی دوایی غوڵامشاخان، بە ناوی کتێبخانەی غوڵامشاخان ناو دەبەن. هەرچەند لە ناو ئەم کتێبخانەدا گومانی تێدا نییە کە کتێبی تایبەتی غوڵامشاخان خۆیشی تێدابووە، چون وەک باسمان کرد پیاوێکی خوێندەوار و بنووس و شاعیر بووە. لە کۆتایی ئەم دەستنووسەدا نووسراوە:

تمّ كتابت كتاب كنز اللغات بعون خالق الموجودات لأجلِ حكومت و إقبال پناه عزت و عوالي دستگاه» نصفت و معدلت انتباه» خدايگانا مقصود بيگا، حَصَّل اللهُ آماله على يدي أحقر عباد الله جرماً و أقواهُم جُرماً المحتاج إلى رحمه الله الغني عبدالخالق بن محمد الدوشلكي اللهم اغفرْ ذنوبهما بحقِّ النبي والولي و السبطين في سنة 1055 من هجرة خير البرية صلى الله عليه و سلّم.

ئێمە نازانین ئەم عەبدولخالقە کە ئەم کتێبەی نووسیوەتەوە کێیە» بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە پیاوێکی شێعە مەزهەب بووە و ئەوەش لەم ڕستە دەر ئەکەوێ : اللهم اغفر ذنوبهما بحق النبي و الولي و السبطين ... کە »وەلی» لە ئەدەبی ئایینی شێعەدا واتە ئیمامی عەلی کە بە پێی فەرموودەی: مَنْ كُنْتُ مَولاهُ فهذا عليٌّ مولاهُ. کە وای مانا لێ دەدەنەوە عەلی کوڕی ئەبووتالیب خەلیفەی یەکەمی دوای پێغەمبەری ئیسلامە.

خاوەنی ئەم دەستنووسە خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید عەبدولحەکیمی حەیدەری لە زانایانی شاری سەقز بوو کە لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا لە شاری سەقز کۆچی دوایی کرد.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**دەستنووسی دووهەم**

ئەم دەستنووسەم لە ساڵی 2014 لە شاری سەقز چاو پێکەوت کە لە لای یەکێ لە زانایانی ئایینی کۆچکردوی شاری سەقز بە ناوی حاجی مەلا سەیفوڵڵا نەزاهەتی ناسراو بە **ئەیاغ** بوو. ئەم دەستنووسە ناوی «صواعق المحرقة في الرد على أهل البدع و الزندقة»یە دانراوی ئیبنوحەجەری هەیتەمی، گەورە زانای شافیعی مەزهەب کە لە سەدەی دەیەمی کۆچی ژیاوە. لەسەرەتای ئەم دەستنووسەدا لە لاپەڕەیەک جیاوازدا چەندین شێعر و یادداشت نووسراوە. یەکێ لەو یادداشتانە پەیوەندی بە غوڵامشاخانی ئەردەڵان و کتێبخانەکەی ئەو یان باشتر بڵێین کتێبخانەی مێرانی ئەردەڵان هەیە. ئەم نوسخە بە خەتی مەلا فەتاحی پەنجەییە کە زانایێکی گومناوی کوردە و لە سەدەی سێزدەی کۆچیدا ژیاوە و خەڵکی گوندی پەنجە سەر بە شاری دیواندەرە بووە. لەم دەستنووسەدا لە دوای نووسینی دوو چوارینەی فارسی کە بە داخەوە بەشێکی زۆری لە وشەکان سڕاوەتەوە، نووسراوە:

ضُرِبَ هذان الرباعيّان على ظَهْرِ دَفْتي جامع البخاري الشريف الذي أُشتري مِن ورثة أمان الله خان الوالي بكردستان فَنَسَخْناهما بالْقَلَمِ على وَجْهِ الورَقَةِ محافظِ لَهُمَا (بهما) وَ كانَ ذلِكَ مِنَ السَّادِسِ والعشرينَ مِن أيام شهرِ الصيّامِ الَّذِي أنزل الكلام الملك العَلّامِ على سيّدنا محمد خير الأنامِ و على آلِهِ الكرامِ ... في سنة 1287.

**واتە:** ئەم دوو چوارینە لە پشتی کتێبی سەحیحی بوخاری شەریف دا نووسراوە کە لە واریسەکانی ئەمانوڵڵاخان والی کوردستان کڕیاوە و لە لاپەڕەیێکی جیاواز کە وەکوو پارێزەری نوسخەکە بوو نوسرابوو. ئەم کڕین و فرۆشتنە لە 26ی مانگی ڕەمەزانی 1287ی کۆچی دا بووە.

**بۆچی هەڕاج؟**

لام وایە ئە گە ر بیانە وێ گە ورە ترین سووکایە تی بە کە سێك یان بنە مابلە یێك بکە ن ئە وە یە کە ماڵ و مڵکی ئاگری هە ڕ اجی تێ بە ردە ن.لێرە دا دە بینین هە ڕاجی کتێبخانە ی میرانی ئە ردە ڵان چە ند مانگ دوای کۆچی دوایی غوڵامشاخان ڕووی داوە و ئە وە ش ڕوونە کە ناڕاستە و خۆ فە رهاد میرزا لە ڕێگە ی وە زیرە کە یە وە دە ستی تێدا بووە.زۆر بێشترە لە غوڵامشاخان دە بینین کتێبخانە ی ئە بداڵ خانیش بە ڵای هە ڕاجی بە سە ر هاتووە.ئاخۆ چە ند لە مانە ڕووی دابێ کە ئێمە ئاگامان لێی نییە.

**سەرنج**

مێژووی کڕینی ئەم دوو دەستنووسە ساڵانی 1285 تاکوو 1287ی کۆچییە. ئەم ماوە ئەوەمان پێ ئە سە لمێنێ کە کتێبخانەکە تا دوو ساڵ و بگرە زیاتریش هەر تەواو نەبووە و خەڵک بۆ کڕینی کتێب سەردانی بنەماڵەکەی ئەمانوڵڵاخانیان کردووە. هەر چەند کەسێ وەکوو بابامەردۆخی ڕۆحانی لە تاریخی مەشاهیری کورددا دەڵێ، کتێبخانەی ئەمانوڵڵا خان زیاتر لە دوو هەزار بەرگ کتێبی نایابی تێدا بووە، بەڵام بێگومان لەمە زیاتر بووە. چونکوو کتێبخانەیێ کە خەڵکی شارەکانی دەور و بەر بۆ کڕینی بچن، بێگومان یەکجار زۆر بووە، ئەویش تا سێ ساڵ دوای کۆچی غوڵامشاخان هەر کتێب ماوە.

**هەندێ زانیاری بە نرخ کە لە دوایین لاپەڕەی دەستنووسە کە دا نووسراوە و بۆ تۆ مارکردنی ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا فەتاحی پەنجەیی گرنگە.**

في سنة «فه» بعد «غر» في يوم الأثنين من أيام شهر محرم الحرام و كان ذلك اليوم سابع عشر قد اشتغل عيالنا من قرية پنجة العليا إلى قرية مرادقولي و نقول ربَّنا أنزلْنا مُنزلاً مباركاً و أنتَ خير المُنزلين. واتە لە ساڵی 1285 لە ڕۆژی دوو شەممە 17ی مانگی موحەڕەم خێزانم لە گوندی پەنجەی سەرووە هێنا بۆ گوندی مورادقولی و ئەڵێن: خوایە لە جێ دابەزینێکی پیرۆز و بە فەڕ و بەرەکەتدا لەنگەرمان پێ بگرە. تۆ باشترین کەسێکی بەندەی خۆت لە شوێنی شادا دابەزێنی. ئەم یادداشتە ئەوەمان پێ نیشان ئەدا کە مەلا فەتاحی پەنجەیی لە ساڵی 1285ژنی هێناوە و خێزانی هەر خەڵکی گوندی پەنجە بووە. ئەوەش دەزانین کە لەوانەیە یەکەم شوێنێ کە لە دوای وەرگرتنی ئیجازەی فەقییەتی لەوێدا بوو بێتە مەلا، گوندی **مورادقولی** بووە کە لە نزیکی گوندی پەنجە سەر بە شاری دیواندەرە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە . بۆ ڕوونکردنەوە ئەڵێم: «فه» بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە، 85 و «غر» 1200، کە سەرجەم دەکاتە 1285ی کۆچی مانگی.

**یادداشتی دووهەم:** در سنەی 1283، غُرّەی محرم الحرام چهارشنبه بود. روز پنج شنبه بیست و دویم فارسی، از شهرزور از طریق سید صادق به قصبەی سلیمانیه رسیدیم به سوي قصبه کۆیه رفتیم. أوصلنا الله إلى ما هُوَ الخَيرُ لَنَا. آمین


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**واتە:** لە ساڵی 1283ی کۆچی ڕۆژی چوارشەممە سەرەتای مانگی موحەڕرەم بوو. ڕۆژی پێنج شەممە 22ی مانگی فارسی واتە مورداد لە ڕێگەی سەید سادقەوە لە شارەزورەوە گەیشتیین بە شارۆچکەی سلێمانی.

**یادداشتی کۆتایی نوسخەکە:** والحمد لله رب العالمين و صلى الله على سيدنا محمد و آله و صحبه أجمعين و سلّم تسليماً كثيراً دائماً أبداً سرمداً، بتوفيق الله سبحانه و تعالى هذا الكتاب الشريف اللطيف الرشيق الحُدولق المسمّى بصواعق المحرقة في الردّ على أهل البدع و الزندقة ... فضل المتأخرين و إمام المدققين ابن حجر المكّى الشافعي رحمه الله تعالى رحمة واسعة و اسكنه جنته على يد الأفقر الأحقر المحتاج إلى ربّه من كل الوجوه الّذي هجم عليه الذنوب و التقصيرات من كل الوجوه السائل من ربّه أنْ يجعلَهُ فِي الدُّنيا صالحاً عابداً و يجعل رزقه حلالاً واسعاً ممتداً و في القبر راحته و أنيسه ملائكة الرحمة و في الحشر أمناً و مأموناً و أن يحشره تحت لواء رسوله و حبيبه و أمينه الذي قال في حقّه لولاك لولاك لما خلقتُ الأفلاك محمد صلى الله عليه و سلم و أولاده و أزواجه و أصهاره و أنصاره و مهاجريه و ذريّاته. اللهمَ اغفِرْ لِأستاذِي وَ لِمَن أحْسَنَ إليَّ آمين آمين والحمد لله ربّ العالمين.

**مێژووی لە دایکبوونی دوو کوڕی مەلا فەتاح**

در سنەی 1294 پس از گذشتن 22 [روز] از شهر رجب در سحر و بكره پنجشنبه خداي تعالي توأمين كرامت فرمود نام هر دو محمد و لقب اول جلالالدين ...

كنيه اول أبو سعد و كنيهٔ ثانى أبوالخير زادهُمَا اللهُ عمراً و علماً و عملاً صالحاً. واتە: لە ساڵی 1294ی کۆچی ڕۆژی پێنج شەممە 22ی مانگی ڕەجەب لەسەر لە بەیانی دا خوای گەورە لفە دوانەی پێ عەتا کردین ناوی هەردووکمان نا محەمەد و لەقەبی یەکەمیان جەلالەدین و دووهەمیان .... و هەروەها کونیەی محەمەدی یەکەم ئەبوسەعد و کونیەی دووهەم ئەبولخێر خوا تەمەن و زانست و کاری چاکەیان زیاد بکا.

هەر لەم لاپەڕەدا مەلا محەمەد جەلالەدین کە یەکێ لە لەم لفەدوانە بووە، یادداشتێکی نووسیوە بەم چەشنە: مطالعه صواعق تمام نمودم در روز چهارشنبه دوازدهم شەر محرم الحرام من شهر 1338 [قمری] و أنا الفقير إلى رحمة ربي جلال الدين ساكن خارخار. واتە: کتێبی سەواعقم بەتەواوی موتاڵا کرد لە ڕۆژی چوارشەممە دوازدەی مانگی محەڕەمی ساڵی 1338ی کۆچی مانگی. من فەقیر و نیازمەند بە ڕەحمی خوا، جەلالەدین دانیشتووی خارخار.

خارخار گوندێکە سەر بە شاری دیواندەرە. لە خوا لێخۆشبوو مامۆستا سەید عەبدولحەکیم حەیدریم بیست کە فەرمووی: «مەلا فەتاح پەنجەیی سێ کوڕی بووە: مەلا محەمەد، مەلا جەلال و مەلا فەتحوڵا. مەلا جەلال کوڕێکی بەناوی مەلا عەبدولحەکیم بووە. مەلا جەلال لە ساڵانی کۆتایی ژیانی چووەتە گوندی شاڵیشەل، سەر بە شاری دیواندەرە. مەلا عەبدولحەکیمیش لە دوای تەواوکردنی خوێندنی حوجرە، چووەتە گوندی شیوەتوو، لە دەور و بەری شاری مەهاباد و لە تەمەنی لاویدا کۆچی دوایی کردوە.

**ئاکام**

ئەم دوو دەستنووسە کە لە نێوان ساڵانی 1285 تاکوو 1287ی کۆچی لە هەراجی کتێبخانەی غوڵامشاخان یان باشتر بڵێین کتێبخانەی میرانی ئەردەڵاندا فرۆشراوە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەم کارەساتە دڵتەزێنە. بەڵام جێی سەرنجە کە لە دەستنووسی یەکەمدا بە ڕوونی ئاماژەکراوە کە لە هەڕاجی کتێبخانەی غوڵامشاخان دا کڕیاوە و لە دەستنووسی دووهەم پاش سێ ساڵ دوای کۆچی غوڵامشاخان و دوو ساڵ پاش هەڕاجی ئەو کتێبخانە نووسراوە کە لە وارسەکانی غوڵامشاخان کڕاوە. ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێ کە دوای کۆچی غوڵامشاخان ئەو کتێبخانە هەراج کراوە، بەڵام ڕێژەی کتێبەکان ئەوەندە زۆر بووە کە پاش دوو ساڵ و هەندێک هەر لەو کتێبە پڕبایەخانە ماوە و تا ڕادەیەک کە کتێبی گرینگ وەکوو سەحیحی بوخاری پاش سێ ساڵ فرۆشراوە. من لام وایە لەمەو بەدواش دەستنووسی زۆرتر لە کتێبخانەی غوڵامشاخان یا کتێبخانەی میرانی ئەردەڵان پەیدا دەبێ و زانیاری زیاترمان دەربارەی ئەو هەڕاجە دەس دەکەوێ.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**سەرچاوەکان**

**سەرچاوە کوردیی و عەرەبییەکان**

1- چەلەبی، ئەولیا، سیاحەت نامە، وەرگێر: سەعید ناکام، بانە، چاپەمەنی مانگ، 1396.
2- مدرس، مەلا عەبدولکەریم، یادی مەردان، بەرگی دووهەم، سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان، 1385.
3- کەشکۆڵی مەندەی زەمانە، نووسراوەی: حەسەن بەگی کانی ناو، کە شێعری «میرزام زام حەی»ی غوڵامشاخانی تێدا هاتووە.
4- مدرس، عبدالکریم، یادی مەردان، بەرگی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، 1983
5- قەباڵەی سەردەمی غوڵامشاخان، دەستنووس.
6- سەواعیقولموحریقە، دانراوی: ئیبنوحەجەری هەیتەمی، دەستنووس
7- کەنزوللوغات، دانراوی: محەمەدی کوڕی عەبدولخالق، ناسراو بە گەیلانی، دەستنووس.

**سەرچاوە فارسییەکان**

8- بابانی، عبدالقادر بن رستم، سیرالاکراد، بە کوشش: محمدرئوف توکلی، تهران، مولف، 1377
9- ڕوحانی، بابامردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، ج1، چاپ دوم، سروش، تهران، 1382
10- ڕوحانی، بابامردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، ج2، چاپ دوم، سروش، تهران، 1382
11- ڕوحانی، بابامردوخ، تاریخ مشاهیر کرد، ج3، چاپ دوم، سروش، تهران، 1382
12- مردوخ، محمد، تاریخ مردوخ، 2 جلد، چاپ دوم، غریقی، 1351
13- هادیان، کورش، سدەهای سروری، نگاهی بە تاریخ و جغرافیای کردستان اردلان، نشر کنکاش، چاپ اول، اصفهان 1389
14- وقایع نگار، علي اکبر، حدیقە ناصریە، بە تصحیح محمدرئوف توکلی، نشر توکلی، چاپ اول، 1364


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**وێنەی دەستنووسەکان**



یادداشتێ کە لە کتێبی دەستنووسی «الصواعق المحرقة»دا نووسراوە. دەربارەی فرۆشتنی کتێبەکانی کتێبخانەی غوڵامشاخان

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 283-297
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



بسم الله الرحمن الرحيم وبه العون واليه الرجوع والمآب وبه اعلم بالصواب
الحمد لله الذي اختص نبيه محمدا صلى الله عليه وسلم باصحاب كالنجوم واوجب على الكافة تعظيمهم واعتقاد
حقية ما كانوا عليه مما منحوه من حقائق المعارف والعلوم واشهد ان لا اله الا الله وحده لا شريك له
الذي جعل بيانه سلكهم المنظوم واشهد ان سيدنا محمدا عبده ورسوله الذي جاء بسره المكتوم صلى الله
عليه وعلى آله واصحابه صلوة وسلاما دائمين بدوام الحي القيوم اما بعد فاني قد سئلت قديما في تأليف
كتاب يبين حقية خلافة الصديق وامارة ابن الخطاب فاجبت الى ذلك مسارعة في خدمة هذا الجناب فجاء بحمد
الله انموذجا لطيفا ومنهاجا منيفا ثم سئلت في اقرائه في رمضان سنة خمسين وتسعماية بالمسجد
الحرام لكثرة الشيعة والرافضة ونحوهما الآن بمكة اشرف بلاد الاسلام فاجبت الى ذلك رجاء لهداية بعض
من زل به قدمه عن اوضح المسالك ثم سنح لي ان ازيد عليه اضعاف ما فيه وان ابين حقية خلافة الائمة الاربعة وفضائلهم

لاپەڕەی یەکەمی کتێبی «الصواعق المحرقة»


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



دەستوخەتی مەلا جەلالی کوڕی مەلا  فەتاحی پەنجە



مەلا  چەند یادداشت دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی فەتاحی پەنجەیی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



دواین لاپەڕەی کتێبی «الصواعق المحرقة» بە خەتی مەلا فەتاحی پەنجەیی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الـسـليمانية
المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



مۆری غوڵامشاخانی ئەردەڵان



لاپەڕەیەک لە کتێبی «کەنزوللوغات = کنز اللغات» کە مۆری خەسرەوخانی ناکام، مێردی مەستوورەی ئەردەڵانی پێوەیە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (6) – العدد (3)، حزيران 2022، عدد خاص بوقائع المؤتمر
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



دوایین لاپەڕەی کتێبی «کەنزوللوغات» کە لە ساڵی 1055ی کۆچی نووسراوەتەوە



لاپەڕەیەک لە کتێبی «کەنزوللوغات» کە باسی هەڕاجی کتێبخانەی غوڵامشاخان یان کتێبخانەی میرانی ئەردەڵانی تێدا نووسراوە


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/6.3.15
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)